وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارەیەك بۆیاری بۆ مانگی رەمەزان دەرکرد



وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارەیەك بۆیاری بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پێرۆزەوە دەرکرد و یەکك لە بۆیارەکانیش، نابێت بەئاشکرا هاوڵاتیان خواردن و خواردنەوە بخۆن.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەپەیامێکدا بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پێرۆزەوە بڵاویکردۆتەوە، بە پشتبەستن بە ئەرکەی دەستووری و یاسایییەکان بۆ پاراستنی نەزمی گشتی و پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆ داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەکات کە لە پێرۆزی ئەم مانگە پێرۆزە بگرن و تایبەتمەندییەکانی بپارێزن و پابەندبن بەو ڕێسایانەی کە لەنگدانەوەی پێرۆزی مانگەکە نیشان دەدەن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بەهەمو شێوەیەك قەدەغەیە بەئاشکرا لەمانگی رەمەزاندا خواردن و خواردنەوە بخورێت، چونکە ئەمە هەستی ئەو کەسانە تووشی دەکات کە بەڕۆژوون و پشتڵکردنی پێرۆزی ئەم مانگە پێرۆزە، ئەم قەدەغەکردنەش بەبۆ جیاوازی هەموو کەسێك دەگرێتەوە، جا هاوڵاتی بێت یان کەسانی بیانی، وەك دووپاتکردنەوەی بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا.

باسی لەوەشکردوە، "فرشتن و دابەشکردنی خواردنەوە کحولیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لە مانگی پیرۆزدا قەدەغەیە، سەرجەم شوێنەکانی خواردنەوە کحولیەکان بە داخراوی دەمێننەوە، سەرەڕای ئەوەش، چێشتخانە و کافە و قاوەخانە و یانە کەمەڵایەتییەکان لە هۆتێلەکان و ئەو شوێنانەی خواردن و خواردنەوە پێشکەش دەکەن لە کاتی مانگی رەمەزاندا دادەخرێن، جگە لەوانەی کە بە فەرمی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ڕێگەپێدراون، ئەم شوێنانەشی کە ڕێگەیان پێدراون پێویستە لە دوای بانگی مەغریب تا نۆژی بەیانی کاربکەن.

وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارییانە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، دەزگاکانی حکومەت و حکومەتە خۆجێیەکان لە سەرجەم پارێزگاکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی دروست و دادپەروەرانەی ئەم ڕێکارانە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق باسی لەوەشکردوە، سەرپێچیکردن لە بڕگەکانی ئەم بڕیارانە، تاوانباران دەکاتە بەردەم ڕێکاری یاسایی بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە بەپێی مادەی 1ی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (20)ی ساڵی 2016 و بەپێی مادەکانی (2) و (3)ی هەمان یاسا، سەبارەت بە کرێکارانی بیانیش لە عێراق، هەر سەرپێچییەك ئەنجامبدەن لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت و هەنگاوی ڕێگری لە کارکردن بکرێت یان دیپۆرتی وڵاتەکانیان بکرێنەوە.